Kurdish Sorani

# ڕاوێژکاریی پەروەردەیی

## لە ڕیگنسبورگ

Erziehungs-, Jugend- und Familienberatungsstelle

Jugend-und Familientherapeutische Beratungsstelle

Diakonie Regensburg
ERZIEHUNGS- UND FAMILIENBERATUNG
www.diakonie-regensburg.de

## پەیوەندیمان پێوە بکەن:

### Erziehungs-, Jugend- und Familienberatungsstelle



Ostengasse 31
93047 Regensburg
0941/799 82 - 0
info@eb-regensburg.de

Träger: Katholische Jugendfürsorge der Diözese Regensburg

### Psychologische Beratungsstelle Erziehungs- und Familienberatung



Prüfeninger Straße 53
93049 Regensburg
0941/29 77 111
erziehungsberatung@dw-regensburg.de

Träger: Diakonisches Werk Regensburg

### Jugend- und Familientherapeutische Beratungsstelle



Landshuter Str. 19
93047 Regensburg
0941/507-2762
erziehungsberatung@regensburg.de

Träger: Stadt Regensburg

## ئێمە کارمان چی یە؟

ئێمە ئامادەین وەڵامی پرسیارەکانتان بدەینەوە، بەتایبەت وەڵامی ئەو کێشە و پرسیارانەی کە لە ئەنجامی گەشە و پەروەردەی منداڵ و مێرمنداڵەکانتان دا لە چوارچێوەی خێزان دا دێنەپێشەوە.

لەمبارەوە دەکرێ چەند نمونەیەک بهێنینەوە:
هەر پرسیارێکتان هەبێت سەبارەت بە هەڵسوکەوتی نارەحەتی منداڵەکانتان، یان کێشەی پەروەردەیی، یاخود کێشە لە باخچەی ساوایان، یان لە قوتابخانە، یان کێشەی خێزانی، یان کێشەی توندوتیژی و شتی دیکە.

تیمە ڕاوێژکارییەکەمان کۆمەڵێک شارەزان کە خولی تایبەتیان بینیووە لە چەندین بواری ڕاهێنان و چارەسەریی دا.

## کێ دەتوانێت سەردانمان بکات؟

ڕاوێژکارییەکانی ئێمە خزمەتێکی خۆبەخشانەیە و بۆ ئەوانەیە کە پێویستیان بە راوێژە.
دایکان و باوکان، خێزانەکان، یان ئەو دایکوباوکەی بە تەنها منالّەکان بەخێودەکەن، یان ئەو خێزانانەی کە پێکەوەن، زڕخێزان و ئەو خێزانانەی کە منداڵ و مێرمنداڵ و گەنجیان هەڵگرتووەتەوە، لە هەموو نەتەوە و ئاینەکان، دەتوانن سەردانمان بکەن.
ئەوانە لە ریگنسبورگ دەژین و ئەوانەش کە لە دەرەوەی ڕیگنسبورگن.

## چی گرنگە بە لای ئێمەوە؟

ئێمە کات دابین دەکەین، تاکو وەڵامی پرسیارەکانی ئێوە بدەینەوە و پێکەوە چارەی کێشەکان بکەین.
ڕاوێژکاریی جێی متمانەیە. هەموو کارمەندەکان لەسەرییانە نهێنیتان بپارێزن. بەبێ ڕەزامەندیی خۆتان ئێمە هیچ زانیارییەکی ئێوە نادەین بە هیچ لایەن و شوێنێک.
بۆ زۆرێک لە زمانەکان، کاتێ ئێوە داوای بکەن، ئێمە وەرگێڕی زمانی دایک دابین دەکەین، کە ئەو وەرگێڕانە بۆ ئیوە بە خۆڕاییە و وەرگێڕەکان لەسەریانە نهێنیتان بپارێزن.

## ئێوە چۆن مەوعید وەردەگرن؟

ئێوە دەتوانن هەموو کاتێک بە تەلەفۆن یان بە ئیمەیڵ، یان لە ڕێگەی پەیوەندیی خۆتانەوە، مەوعید لەگەڵ یەکێک لە نوسینگەکانی راوێژکاری دابنێن. (ئەدرەس و ناونیشانەکانیش لە دیوی پشتەوەی ئەم لاپەڕەیە دانراون)
ئێوە بە زوترین کات مەوعیدێک بۆ یەکەم یەکتربینین وەردەگرن.
راوێژەکە بۆ ئێوە بە خۆڕاییە و دەشکرێت لەسەر داوای خۆتان  بە بێ ناوهێنان، یان بە ناوی خوازراوەوە، ئەنجام بدرێت.

ئێمە دڵخۆشین بە دیدارتان!